کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:48:38 11-7-2007

## له فەیلەسوفی شانۆوه بۆ رۆشنبیریی ناو چایخانه

رێبین هەردی

**"تاکه نوسەرێکی مومکین بۆ تێکستی فیلم دەرهێنەره، ئەو تاکه کەسێکه دەتوانێت وینای پێشینەی ئەو فیلمه بگوازێتەوه بۆ سەر کاغەز که دەردەهێنێ"**
**رۆسا له "فلیم هەتا ئێستا"دا**

نەمدەویست بکەومه وەڵامدانەوه و ئەو شەڕەکەڵەشێرەوه که ماوەیەکه خەڵکانێك که جگه لەم هونەره هیچی دی نازانن سەرقاڵین. کاتێك هاورێکانم پێیان راگەیاندم دوباره هادی مەهدی شتی لەسەر نوسیوم تەنها وەك فزروڵی دەستمدایه و خۆم ئامادەکرد که دیسانەوه پڕ جنێو و قسەی ناخۆش بکرێم ( دەبێت لەمه زیاتر چاوەڕێی چی بیت له بازگانیکەر به هونەرەوه) و بڕیاریشمدابوو که هەرچیەك دەخوێنمەوه فەرامۆشیبکەم و وەڵام نەدەمەوه. سەبارەت به جنێو خوشبەختانه هادی نائومێدی نەکردم و هەر لەناو نیشانی وتارەکەیەوه و پڕ به پێستی ئاستی ئەخلاقی خۆی شاکاری کردبوو"رێبین هەردی له بێژەری تۆپتۆپێنەوه بۆ قسەی کوڕانی سەرجاده".
بەڵام کاتێك وەڵامەکەم خوێندەوه بینیم له پشت سوکایەتیکردن و گاڵتەپێکردنەوه، هەندێك وتەزای فکری هاتوون که ناکرێت قسەی لەسەر ناکەم. له وڵامی پێشومدا گوتم له کوێ فکر نەبوو قەڵەمی منی لێ نیه. لەبەر ئەوه ئەو قسانه بەجێدێڵم که هەر سوکایەتی روتن و تەنها ئاستی ئەخلاقی وتەبێژەکەی دەردەخەن و بەلایاندا ناچم..پیرۆزی بێت!

بەڵام سەرەتا رونکردنەوەیەك پێویستە. چونکە هادی زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە خەڵکێکی زۆر بە رۆشنبیرانی عەلمانی و خەڵکی مەدەنیەوە لەسەر داخستنی دراماکەی کردویانە بە هەرا کە بێگومان من خۆشم بە یەکێك لەوانە دەزانم..بەڵام بەدبەختیەکە لەوەدایە هادی ئەم پشتگیریە بە پشتگیری و سەلماندنی گرنگی و چاکی دراماکەی لە قەڵەمدەدات. وەلحاڵ زۆرینەی هەڵویستەکانی رۆشنبیران نەك بۆ چاکی دراماکە، بەڵکو دژی دەستێوەردانی مەلاکان هەڵوێستیان هەبوو. من بە راشکاوی پێت بڵێم رۆشنبیرێکم نەبینی دانێکی خێر بەو پێنج ئەڵقەیەدا بهێنێت کە لە کوردسات و خاکەوە پێشکەشکرا، هاورێیەکی رۆشنبیرم راستیدەکرد"لە کوردستاندا هەڵوێستی وا دێتە پێشێ، کە ناچاری بەرگری لە خراپترین شت بکەیت". واتە هەڵوێستوەرگرتن لەبەرامبەر داخستنی ئاریادا لە رێگەی فشاری مەلاکان شتێکە و قسەکردن لە چاکی دراماکە شتێکی دی. ئەویان مەسەلەیەکی مەبدەئیە و پێموایە زۆرینەی رۆشنبیران گەر نەڵێم هەمووی لەسەری کۆکین و دور و نزیك پەیوەندی بە هەڵوێست لەسەر درامەکە وەك کارێکی هونەری نیە.

ئێستا با لە هونەر و خوێندەواری و لێزانینەکانی ئەم لێبوکە تازەیەی بازاڕی هونەریەوە دەستپێبکەین.. هادی لە وەسفی بلیمەتی خۆییدا دەڵێت (وە داوا لە خوێنەر دەکەم لەگەڵما بوارەکان بژمێرێت): بەو خەزێنە مەعریفیەی لە فەلسەفە و مێژوو و دین و شانۆ و سینەما و وشیعر و رۆمان و فکر هەمە، بە چارەکی ئەوە دەتوانم هەزار رێبینی فەقیر لەروی مەعریفی و رۆشنبیریەوە بسڕمەوە".

بە خودای من ئەوەندە بلیمەت نیم و دەزانم لەم جیهانی فکر و نوسیندا هێشتا نەزانێکی گەورەم و زۆرشت ماوە فێری بم.وەلی شانازیم تەنها ئەوەیە هەرگیز قسەم لەسەر شتێك نەکردووە نەیزانم..هێشتا ئەوندە حسی رۆشنبیریم تیاماوە جورئەت بە خۆم نەدەم لەسەر شتێك قسەبکەم کە نایزانم. هەرگیز دێرێك نانوسم توانای بەرگریکردنم لێی نەبێت. لەبەرئەوە با خوێندکار ئاسا لە حزوری ئەم بلیمەت و فەیلەسوف و

دەرهێنــەر و ڕۆمانناس و دینناس و سینەما نــاس و ناسەکانی تــردا، دانیشـین و ئیدعاکانی بخەینە بەر باس.

کەوابوو با لە تەورات و قورئانەوە دەست پێبکەین. هادی دەڵێت" ئەم دەبەنگیـە چیە ڕێبین! ئەوەی لەسەرەتای نوسینەکەتا هاتووە لە قورئانەوەیە نەك لـە تەوراتـەوە...دەبینـی چەند ڕۆشنبیریەکت فەقیرە ئەی فەیلەسوف و شیکەرەوە سیاسە گەورەکەمـان".

ئەوەمان لەیادم بێت هادی دینناسیشی کردووە بە یەکێك لە خەزینە مەعریفیەکان کە هەیەیتی!!! وەلی من دینناس نیم و ئیدعای ئەوەش ناکـەم، بـەڵام سـەدان سـاڵ بـەر لـە قورئان وئنجیل، مرۆڤایەتی تێکستێکی پیرۆزی ناسی کـە گـەلێك کـەس بـە تێکسـتی دایکی هەموو تێکستە پیرۆزەکانی دی دادەنێن. تەورات کە سەدان ساڵ بەر لـە قورئـان هاتووە چەندان چیرۆك و بەسەرهات دەگێڕێتەوە کە دواتر بە هەمان شـێوە لـە ئنجیـل و قورئانیشدا دوبارە دەبنەوە. بەسەرهاتی دروسـتبوونی ئـادەم..چیرۆکی قابیـل و هابیـل، بەسەرهاتی  قەومی لوت و کەشتیەکەی نوح..هەموو ئەمانە بەر لە قورئان لـە تەوراتـدا هاتوون و لە قورئانیشدا دوبارە دەبنەوە. یـەکێك لەوانـەش وەسـفی بتـە کـە سەرچاوەی سەرەکی تەوراتە و دواجار لە قورئاندا بە شێوەیەکی تر دوبارە دەبێتـەوە. ئـاخر هـەردوو تێکستە پیرۆزن و یەك قسەکەریان هەیە: خودا. هـەر هـەرزەکارێکی بـواری نوسـین ئـەم ڕاستیە دەزانێت. وەلی ئـەم دەرهێنـەرە فەیلەسـوفەی ئاریـا کـە خەزینەیـەکی مـەعریفی دینی فەلسەفی سـینەماییی و ڕۆمـانی وشیعری و ئـەدەبی هەیـە، نـەك نایزانێـت (وە نـەزانین عـەیب نیـە) بـەڵکو نەخوێندەواریەکـەی ئەونـدە کارەسـاتاویە جورئـەتی ئـەوەی دەداتێ بڵێت ئەم قسەیە هی قورئانە و هی تـەورات نیـە. ئـاخر هـەر نەخوێنـدەوارەکانن جورئەت دەکەن قسە لەسەر شتێك بکـەن کـە نـایزانن..هـەموو جورئـەتێکیش ئازایـەتی نیە...چونکە زۆرجار سەرچاوەکانی جورئەت دەگەڕێنەوە بۆ نەخوێندواری و نەزانین.

بگورزەرین...هەرکەسێك وتوێژە و لێدوانە قەبەکانی چایخانە و دانیشتنی سەر دۆمینـەو مێزی ڕابواردن لە جیهانی قەڵەم و کاغەزدا دوبارە بکاتەوە، تەنها خـۆی ڕسـوا دەکـات

نەك كەسێكی دی. چونكە تێكست دەمێنێتەوە و وەك لێدوانەكانی شەوانی رابواردن تێناپەڕێت. تێكست دەمێنێتەوە و دەبێت بەرپرسیاری دەرئەنجامەكانی وەربگریت. بەرپرسیاری نەزانین و نەخوێندەواریش ئەو كەسە دەیدات كە جورئەت دەكات و لەسەر كاغەز سڵ لە نەزانینی ناكاتەوە.

بەڵام ئەمە خاڵێكی ئەوەندە گرنگ نیە. وڵات كەم نەخوێنەدواری تێدا نیە، یەكێكی دیشی بۆ زیابێت هیچی ئەوتۆ ناگۆڕێت. با بێینە سەر تەورەیەكی گرنگتر كە لەناو جەرگەی گرنگیپێدانی مندایە. ئەویش هەڵوێستە لە ئیسلامی سیاسی. هادی نوسیویەتی: بەڵام سەبارەت بە ... هەڵوێستمەوە دژی ئیسلامی سیاسی ئەوا ئەمە رێبازمە و لە نەوەدەكانەوە دەنوسم و كاری شانۆگەری و تەلەفیزیۆنی دژی توندڕەوی ئیسلامی و ئیرهاب ....پێشكەش دەكەم و چونكە بە گرنگترین مەترسیان دەزانم بۆ دیالۆگ و ژیان و پێشكەوتن" تا ئێرە باشە و شتێك نابینم زۆر ناكۆك بێت لەگەڵ بیروبۆچونی مندا. كەسمان توندڕەوی ئیسلامی و ئیرهابی ناوێت. چ توندڕەوی چ ئیرهاب لە هەر بەرگێكدا بێت ترسناكە و كەسمان لەگەڵی نین..جا چ دینی بێت یان عەلمانی..لە شكلی تالیباندا بێت یان لە بەرگی ئەتاتوركدا..عەمامەكی خومەینی لەسەردا بێت یان جلی سەربازیەكەی ستالین.

بەڵام لە شوێنێكی دیدا هادی دەكەوێتە پەلاماردانی خۆم و دەڵێت: بازرگان ئەوەیە دەڵێت من عەلمانیم و وێنە و وتارەكانی لە سایتە ئیسلامیەكاندا بڵاو دەبێتەوە و كوڕ و دیالۆگ بەشێوەیەكی بەردەوام لە ڕێگەی كەناڵە ئیسلامیەكانەوە ساز دەكات و بگرە كادری ئەو حیزبانە لە قەزا و ناحیەكاندا رۆشنبیر دەكات". مەبەست لەو كەسە منە و مەبەستیش لەو سایت و لایەنە ئیسلامیە یەكگرتووی ئیسلامیە. كارەكانی من رونن و ئاشكران و هەموو كەسێك دەتوانێت ببینێت. شتێكی نهێنیم نیە تا هادی مەهدی ئەزیەتی بۆ دۆزینەوەی كێشا بێت. ئەو قسانەی لەسەر هێزە عەلمانیەكان دەیكەم، هەر ئەو قسانەن كە بەوتار دەینوسم و لە كەناڵەكانی عەلمانیەكانیشەوە دوبارەی دەكەمەوە.

نە بە دزیەوە لای ئیسلامیەکان بازرگانی بە رەخنەکردن عەلمانیەکانەوە دەکەم (کە بێگومان من خۆم بە عەلمانی دەزانم) و نە لای عەلمانیەکانیش بازرگانی بە دژایەتی ئیسلامی سیاسیەوە دەکەم. نە بۆ نزیکبونەوە لە هیچ ئاغا و دەسەڵاتدارێکیش، ئەو دەورە دەبینم کە ختوکەی دەدات. من کوڕی بازاڕ نیم . راکانم رون و ئاشکران و هەر کەناڵێکیش چ عەلمانی یا ئیسلامی بێت و رێگەی پێدابم، هەمان ئەو قسانەم کردووە کە رای خۆمن و خوێنەرەکانیشم پێی ئاشنان.

لە قسەکانی هادیدا وا دەردەکەوێت مادام من عەلمانیم نابێت، لە کەناڵی ئیسلامیەکانەوە قسەبکەم. واتە عەلمانیەتەکەی من لای هادی درۆیە، چونکە عەلمانی نابێت لە سایتی ئیسلامی و کەناڵەکان ئەوانەوە قسە بکات. بەڵام بۆ دەبێت من لە کەناڵی یەکگرتوو قسە نەکەم؟ بۆ دەبێت کۆڕ بۆ ئەو ناوەند و رێکخراوانە ساز نەکەم کە بانگهێشتم دەکەن لەسەر تەوەرەیەکی دیاریکراو قسەیان بۆ بکەم؟ ئەگەر ئەمکارەشم کرد بۆ لە عەلمانی بوون دەکەوم؟ لە نوسینەکەی هادیدا وەڵامێکت چنگ ناکەوێت. ئەگەرچی دەتوانم مەزنەی ئەو وەڵامە بکەم کە هادی بۆ ئەم پرسیارە هەیەتی، بەڵام ئەوە لێدەگەڕێم بۆ خۆی. و پرسیارەکە لە خۆم بکەم و وەڵامی بدەمەوە. من لە کەناڵی یەکگرتووە قسە دەکەم چونکە هێزێك تی و هاوشاری و هاوگەرەکی خۆمن. هێزێکی سیاسین کە بەشێوەیەکی فەرمی لە کوردستاندا هەن و لە هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا بەشدارن. میلشیایان نیە و حیزبێکی سیاسی کوردین کە بونیان لە بواری سیاسی کوردیدا هەیە. ئەندامەکانی هاوڵاتی و هاوشاری و هاوگەرەکی خۆمن و حیزبێکی مەدەنین. لە من جیاوازن و جۆرێکی دی بیردەکەنەوە. لەبەرئەوە لە هەموو کەسێك بۆ من لە پێشترن دیالۆگیان لەگەڵ بکەم و لێیان نزیك بمەوە و لێیان تێبگەم و لێمتێبگەن. گەر هادی بەراست لایەنگری دیالۆگە و تەنها بۆ دروشم بەرزی نەکردۆتەوە، بۆ دەبێت دژی ئەوە بێت لەگەڵ ئیسلامی سیاسی کوردستاندا (کە لێرەدا یەکگرتوو نمونەیەتی) دیالۆگ و لێکتێگەیشتنمان هەبێت. سادەترین پێناسی دیالۆگ

ئەوەیە لەنێوان دو کەسی جیاوازدا بێت کە وەکیەك بیر ناکەنەوە. نەك لەنێوان دو کەسدا کە لەیەکدەچن. ڕۆحی دیالۆگەکە هادی تا ئەو جێگەیە بڕ دەکات کە دەرفەت بۆ بازرگانیکردن و نزیکبونەوە لە برادەران بهێلێتەوە!

هادی دەڵێت "ڕێبین ناتوانێت قەناعەتم پێبکات ئەو حیزبە توندڕەوانە ڕێگەی پێدەدەن کادرەکانیان بە مەنهەجێکی عەلمانی جیاواز لە مەنهەجی ئیسلامی ڕۆشنبیر بکات" وەلی کێ بە تۆی گوتووە من دەچم بۆئەوەی ئیسلامیەکان بکەم بە عەلمانی؟ کێ بە تۆی گوتوە ئامانجی من ئەوەیە ئەوانە بکەمە عەلمانی؟ من لە مێژە لە ترسناکی ئەو دیدە بەلشەفیزمیە _ بەعسیە تێگەیشتووم کە تەنها دەتوانێت یەکڕەنگ لە دنیادا ببینێت و هەموو هەوڵی خۆشی بۆ یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگا دەخاتە گەڕ. لەبەرئەوە هەرگیز بەدوای ئەوەوە نەبووم و نیم و (بگرە بە توندی دژیم) خەڵکانێك کە لەمن ناچن، بکەمە هاوشێوەی خۆم. من دەچم بۆ لای ئیسلامیەکان بۆ ئەوەی فێربم بە جیاوازی خۆیانەوە قبوڵیانبکەم و بە جیاوزی خۆمەوە قبوڵمبکەن. بۆ ئەوە دەچم هەموو پێکەوە فێر بین دەتوانین جیاواز بین لەیەك بەڵام دوژمنی یەك نەبین، دیدی جیاوازمان بۆ شتەکان هەبێت، بەڵام ڕێگەی قسەکردن لەیەك نەگرین. بۆ ئەوە دەچم فێربم لەم وڵاتەدا هەر من ڕام نیە و هەر منیش مافی قسەم نیە..بۆ ئەوە دەچم ئەوانیش فێربن هەر دیدی ئەوان بۆ شتەکان تاکە دید نیە و خەڵکی دی هەیە دیدی تری هەیە. من بۆ لێکتێگەیشتن دەچم بۆ لای ئیسلامیەکان نەك بۆ هاوڕابوون. هەردوو چەمکی لێکتێگەیشتن و هاوڕابوون بەمانا ئەرستۆیەکەی بەکار دەهێنم کە لەنوسنیی دیدا شەرحم کردووە).لێکتێگەیشتن واتە قبوڵکردن جیاوازی و ڕێگەی دان بە بوونی یەکێکی دی. کار و پرۆژەیەکی واش بەر لە هەر شتێك پێویستی بە نزیکبونەوە و وازهێنان لە کۆمەڵێك پێشگریمانەی سایکۆلۆجی و هەڵەی فکری هەیە کە دەبنە بەربەست لەم نزیکبونەوە و تێکەڵبوونە. لەو پێشگریمانە ترسناکانەش کە دەوری بەراست ڕێگرێکی مەعریفی دەبینێت لە پەیوەندیدا بە ئیسلامی سیاسیەوە، تەماشاکردنی هەموو ڕەنگ و باڵە جیاوازەکانی

ئیسلامی سیاسیه له دیدی قاعیده و ئیرهابەوه. ئەو دیدەی دەڵێت یەکگرتوو قاعیدەیه له دۆخی خەوتودا، ڕێگرێکی مەعریفی ترسناکه لەم نزیکبونەوەیه که کەم نوسنیم هەیه دژایەتیم نەکردبێت. بینینی هەموو ئیسلامی سیاسی وەك ئیرهاب، تاوانێکی ڕۆشنبیریه که بەشداری له کوشتنی هەموو ئەگەرێکی دیالۆگ و پێکەوه ژیاندا دەکات.

بێگومان دەشێت یەکگرتوو ببێت به قاعدیه، وەك چۆن دەشێت هەموو هێزه بەناو عەلمانیەکانی کورد ببنه هاچەشنی بەعس، بەڵام تاکه ڕێگەیەك ڕێگری لەم ئەگەرانه بکات..لێك نزیکبونەوه و لێکتێگەیشتن و دیالۆگه و ئاسانترین ڕێگەش ئەم ئەگەره سەرخات ئەو پێشگریمانه هەڵەیەیه که هێزه جیاوازەکان سەبارەت به یەکدی هەیانه و هەموو کۆمەڵگای ئێمەی لەناوەوه پارچه پارچه کردووه و لایەنیکەمی وتوێژ و بیرورا گۆڕینەوه له نێوانیاندا نەهێشتوه. لێرەوه یەکێك له گرنگترین ئەرکەکانی ڕۆشنبیر له دۆخی کوردستاندا لای من ئەوەیه هەوڵ بۆ زیندوکردنەوەی فەزای وتوێژ و لێکتێگەیشتن لەناو هێز و ڕا جیاوازەکانیدا بکات و دژایەتی ئەو فەزا دوژمنکاریه بکات که کۆمەڵگای ئێمەی لەناوەوه پارچه پارچه کردووه و ئەگەری شەڕی ناوخۆی هەمیشه به زیندوێتی هێشتۆتەوه. لەکوێدا هەولێك هەبوبێت که هەستمکردووه خەریکه گروپێکی سیاسی جیاواز وەك وێنەی دوژمن تەماشا دەکات، قەڵەمی من لەوێ بووه بۆ ئەوی بلێت وانیه. بەمشێوەیه له سات و کاتی جیاوازدا بەرگریم لەبوون و ئازادی کۆمنیستێك و ئیسلامیەك و یەکێتی یان پارتیەك وەکیەك کردووه.

لێرەوه بێگومان بازرگانەکانی هونەر هەڵوێسفرۆشتن، له بازاڕی گەرمی سیاسی کوردستاندا لەوه تێناگەن چۆن دەبێت تۆ نه پارتی بیت، نه یەکێتی و نه ئیسلامی و نه کۆمنیست..تۆ دەبێت لەیەکێك لەم خانانەدا کاڵاکانی خۆت بفرۆشیت. که ئەم خانەیشت هەڵنەبژارد واته تۆ پەت پەتین دەکەیت وەك هادی مەهدی بۆ منی نوسیوه" تۆ یاریزانێکی باشی لەسەر هەموو پەتەکان و هەموو کەناڵەکان ..لەبەرئەوه خەڵك نازانن چۆن وەسفتبکەن" ئەوانه که ئەم دابەشبونانه حیزبیه هەموو ژیان و سەرمایه و

تاکە ڕێگەی گوزرەرانی ژیانیانە، مومکین نیە تێبگەن کارێك هەیە، شتێك لە ژیاندا هەیە لەدەرەوەی ئەم بازاڕی ریزبەندیە. من نوسەرم..هیچی دی نیم. ئەو شتەم کە لە نوسینەکانمدا هەن و لەدوای ئەوەوە هیچی دی نیم. جیهان لەو دابەشبوونەی عەقڵی بازرگانیکردنی تۆ، لە بازاڕی سیاسی کوردستاندا سەوا و مامەڵەی پێدەکات گەورەترە.

ئەو جورئەتە گەورەیەشی پێمانی دەفرۆشی کە گوایە بێدەنگیت لە بەرامبەر بە گەندەڵی کوردستان و توندڕەوی ئیسلامیدا شکاندووە، چەند ساڵێکە بەرنامەی بەرنامە بەشێوەیەکی زۆر کۆمیدتر و سەرنج ڕاکێشتر لەوەی تۆ و گەلێك ئازایەنەتریش، ئەنجامیداوە!

هادی کە پەلاماردانی یەکەمی بۆ من لەسەر ئەوە بوو کە من گوتومە ئیسلامی سیاسیی نەبوو کە زنجیرەکەی ڕاگرت بە ڵکو هەموو پیاوانی ئایینی بوون، لێرەدا قسەکە ڕاستدەکاتەوە و دەڵێت بە دەنگی بەرز دەڵێم : "پیاوانی دین و ئەحزابی ئیسلامی..و و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە ئیسلامی سیاسیەوە هەیە و لەپشتیانەوە ئەحزابی عملانی و گەندەڵەکان فشاریان بۆ مەکتەبی سیاسی ی ن ك هێنا...هتد" قسە ناخۆشەکانی ئەم پەرەگرافەش هەر بۆخۆی و ناچمە سەریان. بەڵام خۆشحاڵم کە هەنوکە وادەڵێت..چونکە منیش هەروام گوتبوو..بەو جیاوازیەوە کە بە بڕوای من ئەوەی کاریگەری لەسەر داخستنەکە بوو پیاوانی ئاینی بوون، نەك ئیسلامی سیاسی. بێگومان لەناو ئیسلامی سیاسیشدا پیاوانی ئاینی بە فراوان هەن. بەڵام ئەوەی دەنگی لە لای برادەران دەبیترسترێت زانایینی ئاینین، نەك مەلاکانی ئیسلامی سیاسی. بەهەرحاڵ لەمەدا دورنین لەیەکەوە..بەڵام گەر وایە (کەبەراستی وایە) ئەو وتارە پڕ جنیوەت بۆ دژی من نوسی؟ بۆ کێ و لە پای چی؟

هەنوکە بابێینە سەر ئەسڵی مەسەلەکە و قسە لەو بوارە بکەین کە ئەم برایامان خۆی بە پاڵەوانی مەیدانەکەی دەزانێت و ئێمەش تیاییدا بە نەخوێندەوار. ئەم دەرهێنەرە

زیرەك و زانایە بۆی نوسیوم سینارێۆ و دیالۆگی زنجیرەی ئاریا ئەركی سیناریستە و لەبەرئەوەی من لە کاری هونەری نازانم، هیچ پەیوەندی بە دەرهێنەرەوە نیە..لەبەرئەوە باشتر وایە قسە نەکەم و خۆم لە شتێك نەدەم کە نایزانم!! هادی بە دەق نوسیویێتی: "زۆر بە سادەیی پێت دەڵێم بەرپرسیاری سینارێۆ و دیالۆگ سینارێۆ نوس ئەحمەد ڕەزایە و من لێی بەرپرسیار نیم. من خاوەنی بیرۆکە و دەرهێنانم..تۆش لەم شتانە تێناگەیت لەبەرئەوە خۆتی لێدوربخەرەوە".

خودا دەزانێت ئەمانە قسەی من نین و ڕێك و ڕەوان قسەی ئەم دەرهێنەرە فەیلەسوف و دیبناس و سینەماناس و ناسەکانی ترە! بەراستی مرۆڤ لەم هەموو توانا و زیرەکیەی ئەم دەرهێنەرەی ئاخر زەمەن سەری دەسوڕمێ. ئاخر ئەمە نوکتە و قسەی ناو چایخانە و سەر مێزی شەوانە یان نوسین؟ گەر دەرهێنەر کاری بە سینارێۆوە نەبێت ئەی کاری بە چیەوەیە؟ ئەی چی دەردەهێنێت؟ ئەی چی دەکات بە نمایش و چۆن کارەکتەرەکان هەڵدەبژێرێت؟ مرۆڤ کە ئەم قسەیە دەخوێنێتەوە ئەوسا تێدەگات بۆ ئەو 5 ئەڵقەیەی زنجیرەی ئاریا ئەوندە وەڕسکەر و بێمانا بوو. چونکە بە دانپیانانی خودی دەرهێنەرەکە ئەو بەرپرسیار نیە لە سینارێۆ، کە بەرپرسیاریش نەبی لە سینارێۆ، دیارە بەرپرسیار نیت نە لە دەور و نە لەشێوەی قسەکردن کارەکتەرەکان و نە لە هیچ؟ ئەدی برام تۆ چت کردووە و کارت لەم زنجیرەیەدا چیە؟

باشە ئەم قسەیە قبوڵدەکەم...کە تۆ کارت بە سینارێۆوە نیە و ئەحمەد ڕەزا لێبەرپرسیارە" ئەی برام ئەم هەموو ئازایەتی و سنگهێنانە پێشوەمان بۆ پێدەفرۆشی؟ بەم پێیە ئەوەی کە شەڕی قاعیدە و فەساد و ناعەدالەتی کردووە سیناریستە، نەك تۆ! یان تۆ لەو شوێنانەدا کە سینارێۆکە خراپە دەیخەیتە ملی ئەحمەد ڕەزا و لەوشوێنەشدا کە باسی ناعەدالەتی و قاعیدە دەکات دەیکەیت بە ئازایەتی خۆت؟ پاڵەوانی و دەستکەوتەکان بۆ تۆ..و خراپی و ڕەخنەکانیش بۆ ئەحمەد ڕەزا؟ ئەویان شاکاری تۆیە و

ئەمیشیان هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نیە. دەبینی برام قسەی نوسین ئاسان نیە و وەك قسەی چایخانە و سەر مێزی شەوان تێناپەڕێت و چ بەڵایەکی بەسەر دێت.
برام! بێگومان دەرهێنەر بەرپرسیاری سەرەکی سیناریۆیە..چونکە ئەوە لەناو دەیان سیناریۆ هەڵدەبژیرێت و دەیکاتە نمایش. دەرهێنەرە (گەر ئەم تەعبیرە راست بێت) سیناریۆ لە تێکستێك لەویدا، دەکات بۆ تێکستێك بۆ ئێمە..دیالۆگێك لە ناو تێکستدا دەکات بە دیالۆگێکی زیندوو لە نێوان دو بونەوەردا..دیالۆگێك کە دەرهێنەر لە رێگەی کونترۆڵکردنی شێوەی وتنی قسەکان و ئەو فەزا و دیکۆرەی بۆ دیالۆگەکە هەڵیدەبژیرێت و ئەو روناکی و تەنانەت مۆسیقایەی بە نەرمی لەگەڵ دیالۆگەکەدا دەڕوات و ئەو گوشەی کامێرایەی بۆ وێنەگرتن هەڵیدەبژێرێت، نەك هەر بەرپرسیار دەبێت لە سیناریۆکە، بەڵکو هەربەم کەرەسانە، سیناریۆیەکی دی دروستدەکات. لەراستیدا دەرهێنەر رەخنەگرێکی سیناریۆیە و دید و خوێندنەوەیەکی بۆ سیناریۆ هەیە کە دەشێت تەنانەت لەگەڵ دید و خوێندنەوەی سیناریستیشدا یەکنەگرێتەوە. دەرهێنەر لاسایکەرەوەیەکی مەیمون ئاسای سیناریۆ نیە، بەڵکو راستر داهێنەرێکی تری سیناریۆ و یان راستر راڤەکەرێکی چالاکی سیناریۆیە و بەرپرسیاری سەرەتای و کۆتای ئەو سیناریۆیە کە نمایشیدەکات. مومکین نیە دو دەرهێنەر کە کار لەسەر هەمان سیناریۆ دەکەن، هەمان دراما دروستبکەن. چەند دەرهێنەرەکان بگۆرێن، سیناریۆکانیش دەگۆڕێن.
یەکێك لەسەرتایترین ئەرکەکانی دەرهێنەر ئەوەیە "بۆ ئەوەی مەشهەدێك قەناعەتمان پێبکات، دەبێت سەرەتا دەرهێنەرەکەی قەناعەت پێکردبێت". سیناریۆش بەشی هەرەگرنکە کەرەسەکانی قەناعەتپێکردنە. رۆبەر برسۆن لە ئامۆژگاریدا بۆ دەرهێنەرەکان گوتبووی: "دیدی وێنەکیشت هەبێت. چونکە وێنەکێش بە بینین داهێنان دەکات". دەرهێنەر نەك هەر لە سیناریۆ بەرپرسیارە، بەڵکو دەتوانین بەمانایەك لە مانکان بڵێین دەستێکی گەورەی لە نوسینیدا هەیە کاتێك دەبێت بە دراما. بگرە

دەرهێنەرگەلێکی زۆر تەنانەت سیناریست ناچار بە گۆڕان و دەستکاریکردن دەکەن. دەرهێنەری سەرکەوتوسش دواجار ئەو دەرهێنەرەیە کە توانای دەرهێنانی ئەو مانایانەی لە سێناریۆ هەیە کە خوێنەری ئاسایی سیناریۆکە هەستی پێنەکردوەوە یان نەیبینیوە. لە ڕۆژگارێکی پێشودا و ڕاستر لە سەردەمە ئاڵتونیەکانی هادی مەهدی خۆیدا کە بەداخەوە هەنوکە ڕۆشنبیری چایخانە و سەرمێز پێدەچێت ئەو (نەك منی) وێرانکردبێت، هەر ئەمکارەی دەکرد بۆیە ئێمەش ئەو سەردەمە کارەکانیمان بە شایستەی بینین دەزانی..لەو سەردەمە ئاڵتونیانەدا کە تێپەڕین هادی مەهدی یەکێك لە شاکارە قورسەکانی گابریل گارسیا مارکیزی کردە شانۆ.. کاتێکیش نمایشی شانۆکە کرا کارێکمان بینی تەواو جیاواز لە ڕۆحی ڕۆمانەکە..هەرچی ڕۆمانەکەیە ریتمێکی خاوی پڕ لە نائومێدیەکی کوشەندەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەڵام هەرچی شانۆکەیە پڕ بوو لە زیندووی و ئومێد..لە ڕۆمانەکەدا قارەمانێکمان هەیە پیر و ماندوو و هیلاك، لە شانۆکەدا قارەمانێکمان هەبوو پڕ لە لاوێتی و ژیان. هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەو کارەی هادی تا هەنوکەش لای خودی خۆم یەکێکە لە هەرە ئەو کارە جوانانی لەدوای ڕاپەڕینەوە پێشکەش کراوون. بەڵام لەو دەرهێنەری ئەو سەردەمە بۆ ئەم دەرهێنەرەی ئەمڕۆ کە کەمکوڕی سیناریۆ دەخاتە ملی سیناریست و پاڵەوانیەکانیشی دەبات بۆ خۆی، فارس وتەنی کوجا مەرحەبا! .

لە کۆتای ئەم نوسنیەدا بووم کە هاوڕێکانم جارێکی دی پێیان ڕاگەیاندم هادی ئەمجارە بە کوردی شتێکی دی نوسیوە. ئەڵبەت کە وتارەکەم خوێندەوە زانیم نوسینی هادی نیە، بەڵکو یەکێکی دی بۆی نوسیووە یان ڕاستر بۆی وەرگێڕاوە. ئەم وتارەیان هیچ نەبێت کەمێك خۆی لە جنێو و قسەی ناشرین پاراستوە. بەڵام ئەوی مایەی پێکەنینە هادی لە پێشەکی ئەو نوسینەدا من بە سوکایەتیکردن و جنێودان تۆمەتبار دەکات. ڕاستدەکات من بووم لەسەر لێدوانێکی ڕۆژنامەیی خێرا بەوم گوتوە" خۆفرۆش، موزەیەف، وەقح و ...هتد" بەهەرحاڵ گەر نوسینەکانی هادی وەك ئەم کوردیە بوایە و

**هێمن بنوسرایە، منیش جۆرێکی دی قسەم دەکرد..ئێمە نەوەی مەحویین و حەزرەتیشی دەمێکە فەرمویەتی:**

**"کەسێك شێتانە بەردم تێبگرێت، من بەرقی تێدەگرم"**